# بەراوردکردنی ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی کوردیو ئینگلیزی


م.ی. سۆران عبدالرحمن حمد
زانکۆی ڕا پەڕین
فاکەڵتی پەروەردەی بنەڕەت
بەشی کوردی

م.ی. خالد علی عبدالله
زانکۆی ڕا پەڕین
فاکەڵتی پەروەردەی قەلادزێ
بەشی ئینگلیزی



پێشەکی:

ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی بەراوردکارییە سینکرۆنییە لە نێوان زمانی کوردی و زمانی ئینگلیزی ئەنجامدراوە، بە ئامانجی بەراوردکردنی ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی کوردیو ئینگلیزییە، هەموو زمانێك تایبەتمەندی خۆی هەیە، لە جۆروچۆنیەتی ئەو ڕێگایانەی کە فەرهەنگی زمانی پێدەولەمەند دەکرێت، ئامانجی توێژینەوەکە بەراوردکردنی ڕێگاکانو لێکچونو هاوبەشیەو هەروەها نیشاندانی جیاوازیەکانی نێوانیانە، کەرەستەی زمانەکە زمانی ستانداری ئینگلیزیو زمانی کوردی کرمانجی ناوەڕاستە، ئەم توێژینەوەیە جگە لە پێشەکیو ئەنجام لە دوو بەش پێکدێت:

بەشی یەکەم/ باسی ئەو ڕێگایانە دەکات، کە فەرهەنگی زمانی کوردی پێدەوڵەمەند دەکرێتو ئەو ڕێگانە چۆن وەك ڕێژگەیەك وشەو زاراوە دەهێننە ناو زمانەو بەپێی پێشکەوتنی سەردەمو پێویستی زمان وشەی نوێ دێننە ناوەو بە پێی شێوەی وەرگرتن لەگەڵ زمانەکە دەگونجێت.

بەشی دووەم/ لەم بەشەدا باسی ڕێگاجیاوازەکانی وەرگرتنو دەوڵەمەندکردنی زمانی ئینگلیزی دەکات، کە ڕێگاکانی وەرگرتنی وشەو زاراوە بۆ ناو زمان ئینگلیزی دەردەخات. پاشان دەرەنجامی بەراوردو جیاوازی و لێکچونی نێوان ڕێگاکانی وەرگرتنو دەوڵەمەندکردنی هەردوو زمانی کوردیو ئینگلیزی، کە بەدەستهاتوون شیدەکاتەوەو لیستی سەرچاوە بەکارهاتوەکان دەخرێنە ڕوو.





e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بێگومان هەموو زمانەکانی جیهان لەسەرەتای دروستبوونیانەوە، لە هەناوی خۆیاندا هەڵگری فەرهەنگێکی بنەڕەتین، کە پێکهاتووە لە مۆرفیم و وشەو زاراوە، کە بناغەی دروستبوون و بەرەوپێشچونی زمانەکەن، کەواتە ئەم مۆرفیمە بنەڕەتیانە سەرچاوەو بناغەی فەرهەنگی زمانن، دواتر گەشەسەندن و بەرەو پێشچونی بەخۆوە بینیوە، کە بەپێی پێویستی زمانو قسەپێکەرانی و بەرەو پێشچوونی تەکنۆلۆجیاو پەیدابوونی ئامێری نوێ و تازە، کرانەوە بە دونیای ڕاگەیانن و جیهانگیری وای لە زمانەکان کردووە، بەپێی تایبەتمەندی خۆیان بۆ هەموو ڕوداو کەرەستەکان وشەیەکی تر بۆفەرهەنگی زمان زیاد بکرێت، کە لەم ڕووەوە زمان زۆر چالاکە، کە بە چەندین ڕێگای جۆراو جۆر ئەم وشەو زاراوانە وەردەگرێت، بەڵام زمانەکان تایبەتمەندی خۆیان هەیە، هەرچەند دەگونجێت لە نێوان زمانەکاندا جیاوازی و لێکچون بەدی بکرێت، بەتایبەت لە نێوان دوو زمانی سەربەیەك ڕەچەڵەکی خێزانی زمانی، زمانی کوردیو ئینگلیزی دوو زمانن لە باوانی چوارەمو پێنجەمی خێزانی زمانی دەگەنەوەبەیەك، توێژینەوەکە کار لەسەر بەراوردکردنی ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی کوردیو ئینگلیزی دەکات. کە لە زمانی کوردی کرمانجی ناوەڕستو ستانداردی ئینگلیزی کراونەتە بەر بەراوردکاری. ( هەربیرێك، یا شتو مەکێکی تازە کە دێتە ئاراوە، وا پێویست دەکات کە ناویان لێ بنرێت، زمانیش بە تەنیاو بەو گەنجینە وشەیەی کەهەیەتی توانایدا نییەو فریای ئەوە ناکەوێت، کەبەو کەرەسە سنوردارەی لە باریدایە، ناولە گشتیان بنێتو هەر بەشیشیان ناکات، بۆیە بە پرۆسەی نیۆلۆگیزم بە پێکهاتە زمانەوانییە واتادارە پێشتر سازبووەکانی خۆیدا، دەچێتەوەو بەرەو بەلێکسیکبوون ئاڕاستەیان دەکات)(فاروق عومەر سدیق:٢٠١٧: ٢٧١) کەواتە زمانیش وەك کەرەستەیەکی زیندوو، لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە چارەسەر بۆ ئەوگرفتانە دەکات، کە بۆ زمانەکە دروست دەبێت، ئەم ڕێگایانەش شێوەیەکی جیهانیان بەخۆوە گرتووەو ناو لەهەموو ئەو دیاریدانە دەنێت کەتازەو نوێن.

## بەشی یەکەم / ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی کوردی:

زمانی کوردی خاوەنی وشەو زاراوەی تایبەتی خۆیەتی، کە لە مۆرفیم بناغەو ڕەگی وشەو زاراوە سادەکان سەرچاوە دەگرێت، کە بەسەر بەشە ئاخاوتنە جیاوازەکاندا دابەشدەبن، لەکاتی پێویستیدا قسەپێکەرانی زمان بە ڕێبازێك کەرەستەی پێویست دروستدەکەن، تاکو پەکی زمانیان نەکەوێت. لەم ڕووەوە زمانی کوردی زۆربەکارە لە بەکارهێنانی ئەم ڕێبازانە وشەی جیاوازیو نوێی بەواتایەکی نوێو فۆڕمێکی سەربەخۆ لێدروستدەکات. چەند ڕێگایەکی جۆراوجۆر بەکارهاتوە بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان، کە ئەمانەن:

**یەکەم/ ڕێگای وشە ڕۆنان:**

١- وشەی داڕشتن بە گیرەك:

ئەم وشانە لەڕێگەی هەندێك مۆرفیمەوە دروستدەکرێن، بریتین لە گیرەکەکان(Affixes)ی زمانی کوردی بە (پێشگر، ناوگر[1]، پاشگر) گیرەکەکانیش (سەرپاکی گیرەکەکان مۆرفیمی بەندن کە بۆ دووجۆر لە

[1]- **گیرەکی (ناوگر) لە زمانی کوردیدا ڕای جیاوازی لەسەرە بۆ ئەوەی توێژینەوەکە لە ئامانج دورنەکەوێتەوە، باسی (ناوگر) ناهێنینە ناو باسەکەمانەوە. بۆزانیاری زیاتر بڕوانە(وریا عومەر ئەمین:١٩٨٢: ٨٨) (بازیان یونس محێدین:٢٠١٣: ٣٣)**



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

گیرەکی وشە دارێژ و گیرەکی ڕێزمانی بەپێی ئەرکو واتاکانیان دابەشکراون)(سەباح ڕەشید قادر: ٢٠٠٠: ٥١) کەواتە هەموو گیرەکەکان بەندن، بەڵام لەم باسەدا تەنیا وشە دارێژەکان وەردەگرین. گیرەکەکان دەچنە سەر مۆرفیمو وشەکان پێوەیان دەنوسێن(گیرەکەکان لەهەرجۆرێکبن لەشێوەی مۆرفیمی بەندان لە زمانەکەدا، تاکو بەڕەگو بنکەی ترەوە نەلکێن واتاوئەرکی تەواو بەدەستەوە نادەن)(محەمەد مەعرووف فتاح: ١٩٨٩: ٤٣) لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت، کە ڕەگ و بنکەکان بەتەنیا پێویستی بەردەوامی زمان پڕناکەنەوە، بۆیە بەردەوام وشەی نوێ دێتە ناو فەرهەنگەوە، گیرەکەکانیش لە توانایاندا ئەم وشە نوێیانە دروستبکەن، کاتێك کە بلکێنرێن بە ڕەگو بنکەو وشەیترو واتای نوێ بەفۆڕمێکی تر بە وشەکە دەبەخشین، بەڵام بەسەربەخۆی واتا نادەن بەدەستەوە.

أ/ پێشگر:

١- ئەو پێشگرانەی پۆل وشە ناگۆڕن، واتە پێشگرەکان دەچنەسەر وشەکان بەبێ گۆڕانکاری لە پۆلەکەیدا بکرێت، وەك:

| ناو | ناو | هاوەڵناو | هاوەڵناو | چاوگ | چاوگ |
|---|---|---|---|---|---|
| سەر ← | ها وسەر | دروست ← | نادروست | کردن ← | هەڵکردن |
| ڕاز ← | هاوڕاز | پاك ← | ناپاك | چوون ← | داچوون |
| | | | | ئاڵان ← | لێك ئاڵان |

٢- ئەو پێشگرانەی پۆل وشە دەگۆڕن، واتە پێشگرەکان دەچنەسەر وشەکانو گۆڕانکاری لە پۆلەکەیدا دەکەن، وەك:

هات(قەدی چاوگ) ← داهات(ناو)

ناز(ناوە) ← بەناز(هاوەڵناو)

ب/ پاشگر:

١- ئەو پاشگرانەی پۆل وشە ناگۆڕن، واتە پاشگرەکان دەچنەسەر وشەکان بەبێ گۆڕانکاری لە پۆلەکەیدا بکرێت، وەك:

| ناو | ناوی پیشە |
|---|---|
| گا ← | گاوان |
| مەلە ← | مەلەوان |
| مس ← | مسگەر(مزگەر) |
| چا ← | چاچی |

| ناو | ناوی بچوککراوە |
|---|---|
| مێروو ← | مێرووله |
| گۆزە ← | گۆزەڵە |



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

داس ← داسولکە[٢]

ناو ناوی شوێن

گوڵ ← گوڵدان

لەوەڕ ← لەوڕەگا

کورد ← کوردستان

هاوەڵناو هاوەڵناو ،

نەرم ← نەرمان

ڕەق ← ڕەقەن

چاوگ چاوگ

کردن ← کردنەوە

خوێندن ← خوێندنەوە

٢ – ئەو پاشگرانەی پۆل وشە دەگۆڕن، واتە پاشگرەکان دەچنەسەر وشەکانو گۆڕانکاری لە پۆلەکەیدا دەکەن، وەك:

شاد + ی ← شادی

جوان + ی ← جوانی

ناو هاوەڵناو

منداڵ + انە ← منداڵانە

کچ + انە ← کچانە

ئاسن+ ین ← ئاسنین

ئاوەڵکار ناو

پێش + ەوا ← پێشەوا

دوا + ەوە ← دواوە

ناو هاوەڵکار

زستان+ یَ ← زستانیَ

هاوین+ یَ ← هاوینیَ

ژمارە ناو

سەد+ ە ← سەدە

چل+ ە ← چلە

ج/ جووتگر(پێشگر، پاشگر):

[٢]– بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە(شێرکۆ حمە ئەمین: ٢٠٠٢: ٤٧– ٤٩) و (ڕۆژان نوری: ٢٠١٣: ٥٥–٦٢)



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ئەم شێوازە تایبەتمەندی خۆی هەیە، کە (پێشگر، پاشگر) بەیەکەوە دەچنە سەر وشەکانو وشەی تازە دروست دەکەنو واتای نوێ بە وشەکە دەبەخشن، وەك:

هەڵ+ کردن+ ەوە ← هەڵکردنەوە

دا+هێنان+ەوە ← داهێنانەوە

٢ – پۆلگۆڕین بە بێ گیرەك:

لە زمانی کوردیدا بەبێ زیادکردنی هیچ گیرەکێك دەگونجێت وشە پۆلو واتای بگۆڕێت، بۆنمونە وشەی (جوان) لە ئێستادا وەکو (هاوەڵناو، ناو) بەکاردێت، لە بنەڕەتدا ئەم وشەیە(هاوەڵناو)ەو واتای سیفەت دەبەخشێت، (منداڵێکی جوان هات.) بەڵام هاوکات وەك ناوی تایبەتی مرۆڤیش بەکار دەهێنرێت،(جوان بەپێ هات.) لەم ڕستەیەدا واتا کچێك کە ناوی جوانە، بەپێ هات.

٣- لێکدان :

لەم ڕێگایە دووبەش پێکەوە لێکدەدرێن، کە هەریەکە لە پارچەکان واتای سەربەخۆی خۆیان هەیە، بەڵام کاتێك دەردرێنەپاڵیەکتر، وشە نوێیەکە واتایەکی نوێ دروست دەکات:

أ/ لێکدانی دوو وشە، یان بنجی واتادار:

ئەم جۆرە لێکدانە دەگونجێت دوو پۆلی وەك یەکبن، یان دوو پۆلی جیاواز بە سەربەخۆیی یان بەهۆی ئامرازێکی لێکدانی وشە بدرێنە دەم یەکتر، وەك:

بەردەقارەمان، کوردزمان، داربەڕوو، گەنموجۆ، کێوەڕش، دارەبەن، .....هتد

ب/ دووبارەکردنەوەی بەشێك یان هەموو وشەکە بۆ بەهێزکردنی واتایی یان خۆشکردنی ئاوازەی وشەکە لەکاتی دەربڕیندا، وەك:

- دووبارەکردنەوەی وشەکە: بابا، دادا، ....هتد.
- دوو وشە بەدوای یەکدا بێن، کە هاوواتا بنو بەشێکی وشەکە هارمۆنیەتی پێدەبەخشێت، وەك: خاكو خۆڵ، ساردو سڕ، هاژوهوژ، .....هتد
- ئەم دوو وشەیە واتایان پێچەوانەی یەك بێت: حازرو بزر

٤- ڕێگای کورتکردنەوە:

لە زمانی کوردیدا ئەم ڕێبازە وەك سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندکردنو فراوانکردنی فەرهەنگی زمان بەکارهاتووە:

أ/ وەرگرتنی پیتی سەرەتای چەند وشەیەك:

بەمەبەستی کورتکردنەوەی وشەکە بەکاردێت، کە بەپێی یاساکانی ئابووریکردن بەکاردەهێنرێن، وەك:

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان (ینك)


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

حزبی دیموکراتی کوردستان ← حدك

هەروەها دەکرێت کورتکردنەوەکە تەنیا بە پیت بمێنێتەوە، وەك:

پێش زایین ← پ.ز

پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر ← پ.ی.د

ب/ کرتاندن :

أ – داتاشین[٣]:

بریتییە لە لێکدانی دوو وشە، کە لە ئەنجامی لێکدانی ئەم دوو وشەیە، سوانی دەنگو تێچونی دەنگ دروست دەبێت، وەك:

گا+ ئاسن ← گاسن

ماست + ئاو ← ماستاو

ب/ تێك هەڵکێشاان :

بریتییە لە لێکدانی دوو وشە، کە دەگونجێت لە هەردوو وشەکە کرتاندنەکە ڕوویدات، وەك:

شت + مەکی ← شمەك

ڕۆژنامە + گۆڤار ← ڕۆڤار

خورما + مێوژ ← خورمژ

دووەم / ڕێگای وەرگرتن:

أ/ وەرگرتنی وشە لە زمانەکانی دەوروبەر:

ڕێگای وەرگرتن یەکێکە لەو ڕێگایانەی کە زمانی کوردی زۆر سودی وەرگرتووە، لە هێنانە ناوەوەی وشەو وەرگرتن لە زمانەکانی دەوروبەر، بەهۆی هۆکاری جیاواز وەك (ئایین، تەکنۆلۆژیا، داگیرکردن، ...) زۆر ئاسان ڕوودەدات، (هەرکەسێك زمانی کوردی بزانێ، بێئەوەی ئەرکێکی ئەوتۆ بکێشێ، دەتوانێ چەندین وشەی نوێ وەها ناو بنێ، کەلەم سەردەمەی ئێمەدا پەیدابوون لەم قۆناغەدا، کە ژیانی ڕوناکبیریو زانستیو کۆمەڵایەتیو ئابوریو سیاسی میللەتی کورد لە برەو دایەو تێکڕای جیهان لە پێشکەوتندایە، بیگومان زمان پێویستی بە وشەی نوێ دەبێتو ڕۆژ بەڕۆژ وشەی نوێ پەیدا دەبێ)(ڕۆژان نوری:٢٠١٣: ١٢٩) کەواتە ڕێبازی وەرگرتن وەرگرتنی زاراوەو وشەیە لە هەموو زمانەکانی دەوروبەر بە خۆویستانە بێت، یان خۆنەویستانە، بەڵام پێویستی قسەپێکەرانی وادەکات ئەم وشەو زاراوە وەرگیراوانە لە ئاخاوتنی قسەپێکەرانی زمانەکە بەکاربهێنرێت، ئەو هۆکارەسەرەکیانەی وەرگرتنی وشە لە زمانی بێگانە بۆ گۆڕانی زمان دەگەڕێتەوە، بەکاریگەربوونی دوو زمان لەسەر یەکتر ئەوانەی فێری زمانی بێگانە دەبن، کار دەکاتە سەر زمانی دایك، یا تێکەڵەیەك لە هەردوو زمان دروست دەکات، یا زمانی دووەم بەشێکی فێردەبێتو

---

[٣]– لە زۆربەی سەرچاوەکان داتاشین وەك ڕێبازێکی سەربەخۆ باسکراوە، بەڵام لێرەدا بە پێویست دەزانرێت وەك بەشێك لە ڕێبازی لێکدان بەکاردێت، بۆ زانیاری زیاتر بروانە(کامل حسن بصیر: ١٩٧٨: ٧٠)(عبدالواحید مشیر دزەیی: ٢٠١٣: ٨٩)


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

کەمێك لە زمانی دایکی دەگۆڕێت بۆ زمانە تازەکە.(محەمەد مەغرووف:١٩٨٤: ١٠٤) هەروەها سەرەڕای ئەمانە هۆکاری دینیو بازرگانیو داگیرکاریو تەکنۆلۆژیا کاردەکاتە سەر وەرگرتن و مانەوەو چەسپانی لە زماندا.

الله ← ئەڵڵا

کرسی ← کورسی

السیارە← سەیارە

ئینتەر نێت ← enter net

کۆمپیوتەر ←Computer

- هەندێکجار گۆڕانی دەنگی بەسەردادێت، دەگونجێنرێت لە گەڵ دەنگەکانی زمانی کوردی، وك:

صابر ← سابیر

فرصە ← فرسەت

ب/ ڕێگای وەرگێڕان:

هەموو زمانێك چالاك لە کاتی فراوانبوونی فەرهەنگیدا ڕووبەڕووی هاتنە ناوەوەی وشە دەبێت، بەڵام ڕێبازی وەرگێڕان، ئەگەر لەسەر بەپەتیکردنی وشەو زاراوە سڵکردنەوەی لە هەموو وشەیەکی بێگانە ناوێت، بەڵکو پێویستە لە ڕێگەی وەرگێڕان چارەسەری کۆمەڵێك وشە بکەین، چ وەرگێڕانی وشە بە وشە بێت، چ وەرگێڕانی بە دەستکاریەوە بێت، یان وەرگێڕان بە ئیلهام(کامل حسن بصر: ١٩٧٨: ٩٣-٩٤) ئەم ڕێبازە بایەخی خۆی هەیە لە ناو زمانێك کە سەنتەرو ئەکادیمیایی تایبەت بەم بوارەی هەبێت. دەگونجێت وشەبە وشە بێت، یان وشە بە وشەیەکیتر کە هاوواتای ئەو وشەیە بێت، وەکو خۆی و وەك:

الباب اليانی ← دەرگای دووەم

البناء الفوقی ← سەخان

الاخراج التمپلی← دەرهێنان

**بەشی دووەم/ دۆڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی ئینگلیزی:**

زمانی ئینگلیزی یەکێکە لە زمانە باڵاکانی جیهان، کە زۆر بەربڵاوە، ئەم ڕاستییە نکۆڵی لێناکرێت، وەکو هەر زمانێکی تر، خاوەنی کۆمەڵە ڕێگایەکی تایبەتییە، کە لە ڕێگەیەوە فەرهەنگی زمانیان زۆر دەوڵەمەند کردووە، لەم توێژینەوەیەدا بەراوردی ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی زمانی کوردیو ئینگلیزی دەدرێت، ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی ئەمانەن:

**یەکەم/ دۆڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی ئینگلیزی لەڕێگای وشە ڕۆنانەوە**

لە زمانی ئینگلیزیدا وشەکان بەچەندین ڕێگا دروست دەکرێن، هەندێك لەم ڕێگایانە باوترن و پڕ بەرهەمترن لە پرۆسەی وشە ڕۆناندا لە ڕێگاکانی تر. ئەمانەی خوارەوە گرنگترین ڕێگاکانی وشە ڕۆنانن لە زمانی ئینگلیزیدا:

١. وشە داڕشتن بە گیرەك (Derivational affixes)


e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

ئەم پرۆسەیە باوترین ڕێگایی وشە ڕۆنانە لە زمانی ئینگلیزیدا. لەم پرۆسەیەدا وشەیەکی نویٚ دروست دەبێت لە وشە کۆنەکە بەهۆی خستنەسەری گیرەکی وشە داڕێژ (derivational affixes)، بەم پرۆسەیەش دەگوترێت (affixation) گیرەك خستنەسەر. بە شێوەیەکی سەرەکی، لە زمانی ئینگلیزیدا، وشەکان بەهۆی دووجۆر گیرەکی وشە داڕێژ دروست دەبن کە ئەمانیش پێشگر (prefix) و پاشگر (suffix)ن (Lieber, 2012: 33, 35). هەرچەندە ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ناوگر (infix) نییە لە زمانی ئینگلیزیدا هەن، بەلاّم ژمارەیان زۆر کەمە. گیرەکەکان دەخرێنە سەر ڕەگ (root)، قەد (stem) و بنچ (base).

أ. پێشگرەکان (Prefixes)

پێشگرەکان ئەو گیرەکانەن، کە دەخرێنە پێش ڕەگ، قەد یان چاوگ، بۆ نموونە ***re-, un-, in-*** لەم وشانەی خوارەوە:

- Re+ make (دروستی دەکا)= remake (دروستی دەکاتەوە)
- Re+ write (دەنوسێت) = rewrite (دەنوسێتەوە)
- Un+ tidy (ڕێك) =untidy (نا ڕێك)
- Un+ kind (میهرەبان) = unkind (نا میهرەبان)
- In+ accurate (دەقیق) = inaccurate (نا دەقیق)

ب. پاشگرەکان (Suffixes)

پاشگرەکان ئەو گیرەکانەن کە دەخرێنە دوای ڕەگ، قەد یان چاوگ، بۆ نموونە، ***-ly, -er, -ful*** لەم وشانەی خوارەوە:

- Kind(میهرەبان)+ ly= kindly (بەمیهرەبانی)
- Quick(خێرا)+ly = quickly (بەخێرای)
- Drive(لێدەخوڕێت)+ er =driver (سەیاق)
- Play (یاردەکات)+ er = player (یاریزان)
- Use (بەکارهێنان)+ ful = useful (بەسود)
- Help(یارمەتی)+ ful = helpful (یارمەتیدەر) (Katamba and Stoneham, 2006: 44-45)

٢. پۆلْ گۆڕینی وشە بەبیٚ گیرەك (Conversion)

ئەم پرۆسەیە ناسراوە بە $\theta$–گیرەك (Zero- affixation) چونکە لەم پرۆسەیە لێکزیمێکی نویٚ دروست دەبێت لەهەمان لیکزیم بەبیٚ زیادکردنی هیچ گیرەکێك، تەنها ئەرکی (پۆلی) وشەکە دەگۆڕێت. لەزمانی ئینگلیزیدا، بەزۆری لەڕێگای ئەم پرۆسەوە فرمانێکی نویٚ دروست دەکرێت لە ناو بەگۆڕینی پۆلی وشەکە. بۆ نمونە:

| <u>Noun</u> | <u>Verb</u> |
|---|---|
| Table | to table |
| Bread | to bread 1187610 |



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

Fish                    to fish

دەگونجێت ناو دروستبکرێت لە فرمان بەپێچەوانەی نمونەکانی سەرەوە. بۆنمونە:

| <u>Verb</u> | <u>Noun</u> |
| --- | --- |
| To throw | throw |
| To kick | kick |
| To fix | fix |

هەروەها، دەگونجێت هەندێکجار فرمان لە هاوەڵناو دروستبکرێت، بەڵام ئەم ڕێگایە کەمتر باوە. بۆنمونە:

| <u>Adjective</u> | <u>Verb</u> |
| --- | --- |
| Cool | to cool |
| Yellow | to yellow |

کاتێك کە فرمانێکی نویٚ لە ناوێك دروست دەکرێت، لەڕێگەی گۆڕینی پۆڵی وشەکە، لەئەنجامدا هەندێك لە فرمانەکان واتایەکی فراوانتر دەگەیەنن. بۆنمونە: (to bread) واتە "دانانی نان لەسەر شتێك"، بەڵام فرمانی (to fish) واتە "گرتنی ماسی لەناو ئاو". هەروەها، (to clown) واتە "هەڵسوکەوت کردن وەکو گاڵتەچی"، نەك بەواتای "دانانی گاڵتەچی لەسەر شتێك یان گرتنی گاڵتەچی". لەکاتی پۆل گۆڕینی وشە بەپێچەوانەوە واتا گۆڕینی فرمان بۆ ناو، واتای ئەو ناوە زیاتر چاوەڕوانکراوە. واتای ناوەکە لەم بارەدا شتێك دەگێنێت وەکو "نمونەیەك لە X-ing"، (X)دیارخەری فرمانەکەیە. بۆنمونە (a throw) "نمونەیەکە لە throwing"

هەندێك لە زمانەوانانی وشەسازی دوو بۆچونی جیاوازیان هەیە لەسەر پرۆسەی Conversion. بەشێکیان پێیان وایە ئەم پرۆسەیە کتومت وەك پرۆسەی گیرەك خستنەسەر (affixation) وایە، تەنها ئەوە نە بێت، کە گیرەکەکە دەرناکەوێت (null) و ناخوێنرێتەوە. بەم ڕێگایەش دەگوترێت (zero-affixation).




بەشەکەیتریان جەخت دەکەنەوە کەوا (Conversion) جیاوازە لە پرۆسەی گیرەك خستنەسەر (affixation). بەپێی ئەم بۆچونەبێت، لەم پرۆسەیەدا تەنها پۆڵی وشەکە دەگۆڕێت بەبیٚ هیچ گۆڕانکاریەك لە شێوەی وشەکەدا.(Lieber, 2012: 49-50)

هەندێکجار لە پرۆسەی (Conversion)دا، ئەو لێکزیمەی کە دروست دەبێت گۆڕانکاری لەشوێنی (stress) ( ' ) ەکەدا ڕودەدات. بۆنمونە:

| **<u>Verbs</u>** | **<u>Nouns</u>** |
| --- | --- |
| − transfér | tránsfer |
| − permít | pérmit |
| − convért | cónvert |
| − pervért | pérvert |


e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

- commúne cómmune

هەروەها لەپرۆسەی پۆلگۆڕینی بێ گیرەکدا، هەردوو وشەکە دەبن بە وشەی بنچینەی لە زمانەکەدا و دواتر ئاسان نابێت، کە بزانرێت کام وشەیە پێش ئەوەیتر بوونی هەبووە، مەگەر سەیری فەرهەنگ بکرێت. بۆنمونە، لە ڕستەی خوارەوەدا، وشەی (e-mail) وەکو فرمان بەکار هاتووە، بەڵام ئەم وشەیە لەسەرەتادا ناو بووە و شێوەکە و پۆڵەکەی لە (electronic mail)ەوە گۆڕاوە بۆ (e-mail).

- She ***e-mailed*** me about the meeting. (Denham and Lobeck, 2013: 200)

٣. داهێنانی وشە (Coinage)

یەکێکە لە ڕێگە نباوەکانی وشە ڕۆنان لە زمانی ئینگلیزی. بەم ڕێگایە، وشەیەکی تەواو نوێ دروست دەبێت لەئەنجامی دانانی ناوی نوێ بۆ کەل و پەلە بازرگانە نوێیە داهێنراوەکان. بۆنمونە:

- aspirin
- nylon
- vaseline
- teflon
- kleenex

هەندێك لەم وشە نوێیانە دەگەڕێنەوە بۆ ئەو کەسەی کە داهێنانەکەی کردووە، یان بۆ ئەو شوێنەی کە داهێنانەکە (بەروبومەکە)ی لێ دادەهێنرێت. بەم وشانەش دەگوترێت (eponyms). بۆ نمونە:

- sandwich

وەرگیراوە لە ناوی (Earl of Sandwich)، کە ئەم کەسە بۆجاری یکەم گۆشت و نانی بەیەکەوە دەخوارد کاتێك کە قوماری دەکرد.

- jeans

وەرگیراوە لە ناوی ئەو شوێنەی (شارێکی ئیتالیایە بەناوی Genoa) کە تێیدا بۆجاری یەکەم ئەم جۆرە جلەی لێ دروستکرا.

هەندێك لەم (eponyms)انە زاراوەی تەکنیکین کە پشت دەبەستن بە ناوی ئەو کەسانەی ئەو شتانەیان داهێناوە یان کەشف کردووە. بۆنمونە:

- fahrenheit (Gabrief Fahrenheit) وەرگیراوە لەناوی زانای ئەڵمانی
- volt (Alessandro Volt) وەرگیراوە لەناوی زانای ئیتالی
- watt (James Watt) وەرگیراوە لەناوی داهێنەری سکۆتی

ئەم ناوانە لەزمانی ئینگلیزیدا بەبێ پیتی کەپیتەڵ دەنوسرێن. (Yule, 2010: 53-54)

٤. (Retronyms)

ڕێگایەکیتری وشە ڕۆنانە لە زمانی ئینگلیزیدا، کە بەهۆی ئەم ڕێگایەوە ناوێکی نوێ دروست دەبێت بۆ شتێك بۆ جیاکردنەوەی وشە ڕەسەنەکە لە فۆرمی وشە تازەکە. لە وشە ڕەسەنەکەدا، گۆڕانکاریەك ڕودەدات. واتا وشەکە


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بەتەواوەتی ناگۆڕدرێتەوە بە وشەیەکی تەواو نوێ. ئەم گۆڕانکاریەش کە ڕودەدات، لە ئاکامی پێشکەوتنی ئەو شتەیە یان ئەو بیرۆکەیە کە ئەم ناوەی هەڵگرتووە. بۆنمونە:

| **The original word** | **the new word** |
|---|---|
| - Analog watch | digital watch |
| - Acoustic guitar | electric guitar |

(Denham and Lobeck, 2013: 199)

٥. لێکدان (Compounding)

أ. لەڕێگای لێکدانی دوو وشە یان دوو بنجی وشە:

لێکدان یەکێکە لە ڕێگا باوەکانی وشە ڕۆنان لە زمانی ئینگلیزی، کە بەهۆی بەیەکەوە لکاندنی دوو وشەی جیا یان دوو بنج، یەك وشەی نوێی سەربەخۆ دروست دەبێت. بۆنمونە "Foot" لەگەڵ "ball" لێکدەدرێن (بەیەکەوە دەلکێنرێن)، وشەی "Football" دروست دەبێت (Yule, 2010: 54).

وشەی لێکدراو دەتوانرێت بەچەند ڕێگایەك دروست بکرێت:

- Free root (motor)+ free root (bike)= motorbike
- Bound root (micro)+ bound root (scopy) = microscopy
- Bound root (micro)+ free root (film)= microfilm

ب. لە ڕێگای دووبارەکردنەوە (Reduplication / Repetition compounds):

لەم پرۆسەیەدا، بەشێك لە بنجی وشەکە یان بنجەکە هەمووی کۆپی دەبێتەوە و دەنوسێتەوە بە بنجی هەمان وشە (لە پێشیەوەدێت یان لەدوای) و وشەیەکی لێکدراو دروست دەبێت. گەر بنجەکە بەتەواوی دووبارە بۆوە، ئەوا پرۆسەکە پێی دەگوترێت "دووبارەبوونەوەی تەواوەتی" (total reduplication).

- Willy nilly
- Wishy-washy
- Hush-hush
- Blah-blah
- pooh-pooh　　(Haspelmath and Sims, 2010: 39 & Booij, 2007: 35-36)

٦. کورتکردنەوە (Shortening)

یەکێکیتر لەڕێگاکانی وشە ڕۆنان لە زمانی ئینگلیزی کورتکردنەوەی وشەکانە بۆشێوەی کورتتر بۆ مەبەستی ئیکۆنمی دەربڕینی وشەکان لەڕوی کات و وزەوە. کورتکردنەوەی وشەکان لەزمانی ئینگلیزیدا، بەشێوەیەکی گشتی، دابەش دەکرێن بۆ چوار جۆر:


e-ISSN (2522-7130)　　p-ISSN (2410-1036)

أ. وەرگرتنی پیتی یەکەمی چەند وشەیەك:

١. وشەی ئەکرۆنیم (Word Acronym)

لەم ڕێگایەدا، چەند وشەیەك کورت دەکرێنەوە لە یەك وشەدا بە وەرگرتنی یەکەم پیتی چەند وشەیەك و لە یێکدانی ئەم پیتانە بۆ دروستکردنی وشەیەکی نوێ. وشە نوێیەکە وەکو وشەی سەربەخۆ دەردەبڕدرێت و هەمان واتای کۆمەڵە وشەکان دەدات. هەروەها، وشەی Acronym بە پیتی کەورە دەنوسرێت ئەگەر وشەکە لە ناوی تایبەتی دروستبکرێت.

- WASP < W(hite) A(nglo)-S(axon) P(rotestant)
- SALT < S(trategic) A(rms) L(imitation) T(alks)
- NATO < N(orth) A(tlantic) T(reaty) O(rganization)
- AIDS < a(cquired) i(mmune) d(eficiency) s(yndrome)
- radar < ra(dio) d(etecting) a(nd) r(anging)
- laser < l(ight) a(mplification) (by) s(timulated) e(mission) (of) r(adiation)
- sonar < so(und) na(vigation) r(anging)
- NASA, National Aeronautics and Space Administration (Brinton and Brinton, 2010: 109)

٢. (Spelling Acronyms /Initialisms)

لەم ڕێگایەدا، بەهەمان شێوەی وشەی Acronym چەند وشەیەك کورت دەکرێنەوە بە وەرگرتنی یەکەم پیتی سەرەتایان. لێرەدا، ئەم پیتانە وەکو وشە ناخوێندرێنەوە، بەڵکو وەکو پیت دەردەبڕدرێن و دەخوێندرێنەوە. بەزۆری خاڵ دادەنرێت لە نێوان پیتەکاندا، هەروەها بۆ ناوە تایبەتییەکان، پیتەکان بە گەورەی دەنوسرێن.

- PR—Public relation
- UN—United Nations
- USA—United States of America
- CD — compact disk (Plag, 2003: 127 & Brinton and Brinton, 2010: 110)

ب. کرتاندن (Clipping)

ئەم ڕێگایە یەکێکە لە ڕێگا ئیکۆنۆمیەکانی وشە ڕۆنان، کە لە ڕێکەی کرتاندنی بەشێکی وشەکە، شێوەیەکی نوێی وشە دروست دەبێت لەهەمان لێکزیم بە هەمان پۆڵ و واتای بنچینەیەوە. لەڕێگەی کرتاندنەوە، وشەکان کورت دەکرێنەوە. ئەمەش بەزۆری لەو وشانەدا ڕودەدات، کە لە دوو برگە یان زیاتر پێکدێن و یەکێك لەبرگەکان دەکرتێنرێت و تەنها یەك برگە لە وشەکە دەمێنێتەوە. ئەمەش بەدەر نیە لەوەی کەوا کرتاندن لەو وشانەش ڕودەدات کە فرە برگەن و بەمەش تەنها برگەی یەکەم یان یەکەم و دووەم دەمێننەوە. نمونە:

- **hyp** *for* **hypochondriac**
- **rep** *for* **reputation**
- **ult** *for* **ultimate**
- **penult** *for* **penultimate**
- **incog** *for* **incognito**



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

- **hyper** *for* **hypercritic**
- **extra** *for* **extraordinary**

(Katamba, 1994: 124-125 & Brinton and Brinton, 2010: 108)

- کرتاندن لەزمانی ئینگلیزیدا چوار جۆری هەیە:

١. کرتاندن لە بەشی پێشەوەی وشە (Fore-clipping):

- **plane** *from* **airplane**
- **bus** *from* **omnibus**
- **van** *from* **caravan**

٢. کرتاندن لە بەشی پشتەوەی وشە (Back-clipping). ئەم ڕێگایە باوترین جۆری کرتاندنە:

- **info** *from* **information**
- **rep** *from* **representative**
- **limo** *from* **limousine**
- **bike** *from* **bicycle**
- **lab** *from* **laboratory**

٣. کرتاندن لە بەشی ناوەڕاستی وشە (Middle-clipping)

لەم جۆرە کرتاندنەدا تەنها بەشی ناوەڕاستی وشەکە دەمێنێتەوە. واتا بەشی پێشەوە و دواوەی وشەکە لا دەدرێت:

- **fridge** *from* **refrigerator**
- **flu** *from* **influenza**

٤. کرتاندنی تێکەڵ (Complex-clipping)

لەم جۆرەدا، کرتاندن ڕودەدات لە دوو بەشی جووت وشەیەکدا لە هەمان کاتدا:

- **Sitcom** *from* **situation comedy**

کرتاندن لە وشە لێکداوەکانیشدا ڕودەدات، بەڵام لەم جۆرەیەندا بەشێکی وشە لێکداوەکە وەکو خۆی دەمێنێتەوە، واتا کرتاندن تەنها لە یەك بەشی وشە لێکدراوەکە ڕودەدات و بەشەکەی تریش وەکو خۆی دەمێنێتەوە:

- **cablegram** *from* **cable telegram**
- **op art** *from* **optical art**
- **org-man** *from* **organization man**

(Katamba, 1994: 125 & Meyer 2009: 181 and Brinton and Brinton, 2010: 108-109)

ج. لادانی گیرەك لە دواوەی وشە (Backformation)

بە شێوەیەکی گشتی، لە زمانی ئینگلیزیدا وشە دروست دەکرێت لەڕێگای گیرەك خستنەسەر، بەڵام لەپرۆسەی (Backformation)دا بە پێچەوانەیە. واتا لەم پرۆسەیەدا، وشەیەکی نوێ دروست دەبێت بەهۆی لادانی گیرەك لە بەشی دواوەی بنجی وشەکە، بەمەش فۆرمی وشەکە کورت دەبێتەوە. لەپرۆسەی (Backformation)دا، لە زمانی ئینگلیزیدا بەزۆری (Verb) دروست دەبێت لە (Noun) بەهۆی لادانی گیرەکەوە. بۆنمونە، ئەم فرمانانە (Verbs)خوارەوە دروستبوون لەم ناوانەی (Nouns) بەرامبەریان:



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

- Typewriter (n) - er= typewrite (v)
- Television (n) - sion = televise (v)
- Revision (n) - sion = revise (v)
- Keeper (n) - er = keep (v) (Katamba, 1994: 128)

د. تێك هەڵكێشان (Blending)

لەم پرۆسەیەدا، دوو بەشی جیای دوو فۆرمی وشە دەلكێنرێن (تێكەڵدەكرێن) و یەك زاراوە نوێ دروست دەبێت. بەزۆری، سەرەتای وشەیەك وەردەگیرێت و دەلكێنرێت بە كۆتای بەشی وشەكەی تر.

- Smoke+ fog= smog
- Breakfast+ lunch= brunch
- Motor+ hotel=motel
- Spanish+ English = Spanglish

لە هەندێك وشەدا، كە پەیوەندیان بە تەكنەلۆجیای زانیاریەوە هەیە، سەرەتای هەردووك وشەكە بەیەكەوە دەلكێنرێن. بۆنمونە:

- Teleprinter+ exchange= telex
- Modulator+ demodulator= modem (Yule, 2010: 55-56)

**دووەم/ دۆڵەمەندكردنی فەرهەنگی زمان لەڕێگای وەرگرتنی وشە لە زمانەكانیتر (Borrowing)**

یەكێك لە ڕێگاكانیتری دۆڵەمەندكردنی فەرهەنگی زمان بریتیە لە وەرگرتنی وشە لە زمانەكانی تر. بە پێی تێپەڕ بوونی كات، زمانی ئینگلیزی ژمارەیێكی زۆر وشەی لە زمانەكانی تر وەرگرتووە. بۆنمونە:

- Croissant وەرگیراوە لە فەڕەنسی
- Dope وەرگیراوە لە دانیماركی
- Lilac وەرگیراوە لە فارسی
- Piano وەرگیراوە لە ئیتاڵی
- Pretzel وەرگیراوە لە ئەڵمانی
- Sofa وەرگیراوە لە عربی
- Taboo وەرگیراوە لە فەڕەنسی
- Tycoon وەرگیراوە لە فەڕەنسی
- Yogurt وەرگیراوە لە توركی
- zebra وەرگیراوە لە فەڕەنسی ( Yule, 2010: 54)

زمانەكانی تریش، بە پێچەوانەوە وشەیان لە زمانی ئینگلیزی وەرگرتووە. بۆنمونە، زمانی یابانی وشەی 'suupaa' یان 'suupaamaaketto'ی وەرگرتووە لە 'supermarket'ی زمانی ئینگلیزی و



كۆنفرانسی ( كاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

'taipuraita'ش له 'typewriter'ی هەمان زمان. هەروەها، زمانی هەنگاری وشەی 'sport'، 'klub' و 'fubal'ی وەرگرتووە لە وشەکانی (sport)، (club) و (football)ی زمانی ئینگلیزی. (هەمان سەرچاوە)

لەهەندێك باردا، وشە وەرگیراوەکە بەمانایێکی تەواو جیاواز بەکاردێت. بۆنمونە، لەزمانی ئەڵمانیدا، وشەی ئینگلیزی (partner) و (look) بەکار دەهێنن، هەروەکو لەگرێی (im partner look) بۆ باسکردنی ئەو کەسانەی کەبەیەکەوە جل و بەرگی وەکویەك دەپۆشن. ئەمەش هاوتای بەکارهێنانی دەستەواژەکەی ئینگلیزی نییە.

جۆرێکی تری تایبەت لە وشە وەرگرتن لەزمانەکانی تر هەیە کە ناسراوە بە (loan-translation) یان (calque). لەم پرۆسەیەدا، وشە وەرگیراوەکە بەشێوەیێکی ڕاستەوخۆ وەردەگێڕدرێت بۆ ئەو زمانەی کە وشەکە وەردەگرێت. بۆنمونە، زاراوەی "gratte-ciel" لە فەرەنسیدا وشەی (calque)ە، بۆ وشەی ئینگلیزی"skyscraper". هەروەها دەستەواژەی "moment of truth" لە ئینگلیزیدا بە (calque) دادەنرێت کە لە دەستەواژەی "el momento de la verdad" ی زمانی ئیسپانی وەگیراوە. دەگونجێت کە وشەیەك لە زمانێکی دیاریکراودا بە وەرگیراو دابنرێت، بەڵام هەمان وشە لە زمانێکیتردا بە (calque) دابنرێت. بۆنمونە، لە زمانی ژاپۆنیدا وشەی "boyifurendo" بە وەرگیراوە دادەنرێت لە وشەی ئینگلیزی "boyfriend" کە گۆڕانکاری دەنگی بەسەریدا هاتووە، بەڵام لە زمانی چینیدا "male friend"بە وشەی (calque) دادەنرێت بۆهەمان وشەی ئینگلیزی (Yule, 2010: 55).

**دەرەنجامی بەراوردکردنی ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی کوردیو ئینگلیزی**

هەموو زمانێك خاوەن تایبەتمەندی خۆیەتی لە بەکارهێنانی ڕێگا جیاوازەکانی پەیوەست بە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان، زمانی کوردیو ئینگلیزی، کە ڕچەڵەکی زمانیان دەچێتەوە سەر هیندۆ ئەوروپییەکان، بۆیە لە زۆر بواردا لێکدەچن بەڵام بەدەر نین لە جیاوازی. لەم خاڵانەی خوارەوە بە گشتی بەراوردیان دەکەین:

یەکەم/ لە هەردوو زماندا گیرەکی پاشگر چالاکترو باوترە، توانای پۆل گۆڕینی وشەیان هەیە، بۆ دروستکردنی وشەو دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان، بەگشتی لە زمانی ئینگلیزیدا پێشگرەکان پۆلی وشە ناگۆڕن، بەڵام لە زمانی کوردیدا بە شێوەیەکی سست توانای گۆڕینی پۆلی وشەیان هەیە. هاوکات لەزمانی کوردیدا جگە لە پێشگرو پاشگر ، جوتگریش بەدیدەکرێت، کە ناکرێت فەرامۆش بکرێت. وەك

وەبیرهێنانەوە جوتگر (پێشگرێك و پاشگرێك بەیەکەوە دەچنە سەر یەك وشە )

دووەم / پۆل گۆڕینی وشە بەبێ گیرەك، لە زمانی ئینگلیزیدا دیاردەیەکی باوترە بەرامبەر بە زمانی کوردی لێرەدا وشەکە بەهەمان شێوە دەنوسرێت، بەڵام لە ڕوانگەی ڕێزمانیەوە ئەرکی جیاواز دەبینێت، لە ئینگلیزیدا، بە گشتی کار لە ناو دروست دەکرێت، بەڵام لە کوریدا ناو لە هاوەڵناو دروست دەکرێت[٤].

سێیەم / زمانی ئینگلیزی بەهۆی بەرەوپێشچوونی ئاستی زانستیو تەکنۆلۆژیاو بازرگانیو لایەنی ڕامیاری، دابینکردنی پێداویستی ڕۆژانەی هاوڵاتیان...هتد، پێشڕەوی کردنو خوێندن لە وڵاتە جیاوازەکان، ژمارەیەکی زۆر

[٤]– لة زمانى كوردى هةنديَكجار لة ناوى طشتي ناوى تايبةتى دروست دةكريَت، بة بيَ بةكارهيَنانى هيض مؤرفيميَك.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

وشەی هێناونەتە ناوزمانەوە، بە بەراوردکردن لە گەڵ زمانی کوردی، چونکە لەئێستادا زمانی کوردی لە ڕووی تەکنۆلۆژیا داهێنانی جیهانی ئەوتۆی نییە، کە بتوانێت ژمارەیەکی زۆر وشە بداتە زمانەکانی دەوروبەر.

چوارەم / ڕیترۆنێم (Retronym) لەزمانی ئینگلیزیدا ڕێگەیەکی بەکارهاتووە بۆ دوڵەمەندکردن، هەرچەندە بەبەرهەم نییە، بەڵام لە زمانی کوردیدا ئەم ڕێگەیە تائێستا جێگیرنەبووەو بەکارنایەت.

پێنجەم/ ڕێگەی لێکدان یەکێکە لە ڕێگاکانی باوەکانی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی هەردوو زمانو لە توانایدایە، گەلێك زاراوەو وشە لێکبداتو وشەی نوێ بەرهەم بهێنێت.

شەشەم/ ئەکرۆنێم لە هەردوو زماندا هەیەو بەکاردێت لە زۆر بواری جیاوازدا، هەرچەندە شێوەی جۆراو جۆر لە حۆ دەگرێت.

حەوتەم/ کرتاندن (Clipping) ئەم ڕێگەیە ڕێگەیەکی زۆر باونییە، لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی هەردوو زماندا، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا زیاتر کاردەکات.

هەشتەم/ تێکهەڵکێشان(Blending) ئەم ڕێگایە تارادەیەکی زۆر سستە لە زمانی کوردیدا، بەڵام لە زمانی ئینگلیزی زیاتر دەردەکەوێت، پۆل ناگۆڕێت و واتایەکی نوێ دروستدەکات.

نۆیەم/ وەرگرتن (Borrowing) ئەم ڕێگەیە لە زمانی کوردیدا زۆر باوە بەتایبەت وەرگرتنی وشە لە زمانی گەلانی دراوسێو ئینگلیزی، بەلام لە زمانی ئینگلیزیدا، کە زمانێکی یونیڤرسەڵترە، بەبەراورد لەگەڵ کوردی، زۆرێك وشە لە زمانی ئینگلیزی هاتونەتە ناو زمانی کوردییەوە، کە زۆربەیان لە ڕێگەی (تەکنۆلۆژیاو داهێنانو جیهانگیریو ...هتد) گوازراونەتەوە ناو زمانی کوردی.

دەیەم / داڕشتن بەهۆی لادانی گیرەك لە وشەدا (Back formation) لە زمانی کوردیدا ئەم ڕێگایە بەکارناهێنرێت، بەڵام زمانی ئینگلیزی بەکاردێتو وشەی نوێی پێدروست دەکرێت، بەواتای جیاوازو پۆلی جیاوازەوە.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## ئەنجام

یەکەم / ئەو ڕێگایانەی کەکورتکردنەوەیان تێدا ڕوودەدات لە هەمانکاتیشدا فەرهەنگی زمانی پێدەوڵەمەند دەبێت، مەبەست لێی ئیکۆنۆمییە، واتە واتای پێویست بە کەمترین کاتو وزە.

دووەم / ڕێگاکانی (گیرەك، لێکدان) دوو ڕێگەی هەرە باوی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی هەردوو زمانن.

سێیەم / ڕێگای ڕیترۆنێم(Coinage, Retronym) لە زمانی ئینگلیزیدا هەرچەندە بەکاردێن، بەڵام کەم باون، هاوکات لە زمانی کوردیدا بەکارنایەن.

چوارەم /زمانی کوردی بەبەراورد بە زمانی ئینگلیزی وشەی زیاتری لە زمانی دراوسێکانیەوەرگرتووە.

پێنجەم / لە زمانی کوردیدا وشەی نەێ بەهۆی(Back formation) ناتوانرێت دروستبکرێت، بەڵام لە زمانی ئینگلیزی بە سستی بەکاردێت.

شەشەم /زمانی کوردی چونکە لە داهێناندا سەرچاوەی تەکنۆلۆژیا نییە، خاوەن دەوڵەت نییە، زۆر کەم وشەو زاراوەکانی وەرگیراون لەلایەن زمانەکانیتر،بەڵام بەپێچەوانەوە وشەی لە زمانەکان وەرگرتووە.

حەوتەم / ڕێگای (Conversion) لە زمانی ئینگلیزی باوترەو ناو دەبێتە کردار، بەبەراورد لە زمانی کوردی، کە هاوەڵناو دەبێتە ناو.

هەشتەم / ژمارەی ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردن لە ئینگلیزیدا زیاترن، وەك لە زمانی کوردی.

## سەرچاوەکان

### أ/ سەرچاوە کوردیەکان:


١- ئاورەحمانی حاجی مارف، وشە ڕۆنان لە زمانی کوردی، ١٩٨٧، کۆڕی زانیاری کورد چاپی دووەم

٢- بازیان یونس محێدینپەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی فۆنۆلۆجیو سینتاکسی، ٢٠١٣، دەزگای موکریان، هەولێر.

٣- ڕۆژان نوری عەبدوڵڵا، فەرهەنگی زمانو زاراوەسازی کوردی، ٢٠٠٧، چاپی یەکەم، چوارچرا، سلێمانی.

٤- سەباح ڕەشید قادر، هاوبێژیو فرەواتا لە گیرەکەکانندا، (٢٠٠٠)نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان زانکۆی سلێمانی.

٥- شێرکۆ حمەئەمین قادر، مۆرفیمە بەندە لێکسیکییو ڕێزمانییەکانی و ئەرکیان لە دیالێکتی گۆراندا ،٢٠٠٢، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان زانکۆی سلێمانی.

٦- شێروان حسین خۆشناو، تێڕوانینێکی نوێ بۆ سینۆنێم لە زمانی کوردیدا، ٢٠١١، سلێمانی.

٧- عبدالواحید مشیر دزەیی، وشە سازی زمانی کوردی، ٢٠١٣، چاپی یەکەم، هەولێر.

٨- فاروق عومەر سدیق، زماننانسی کوردی، ٢٠١٧، چاپخانەی نارین، چاپی یەکەم.

٩- کامل حسن بصیر، زاراوەسازی، ١٩٧٨، کۆلێجی ئادلب بەشی کوردی.

١٠- محەمەد مەعرووف فتاح و سەباح ڕەشیدقادر، چەند لایەنەکی مۆرفۆلۆجی کوردی، ٢٠٠٦، بەشی ڕوناکبیری.




کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

١١- محەمەد مەعرووف فتاح، زمانەوانی، ١٩٩٠، زانكۆی سەلاحەدین، هەولێر.

١٢- محەمەد مەعرووف فتاح، كارو پۆلێنكردن بەپێی ڕۆنان: ١٩٨٩، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە(١٢)بەغدا.

١٣- وریا عومەر ئەمین، ئیملای كوردی و چەندتێبینیەك(١٩٨٢)() ژمارە (٩)كوڕی زانیاری عێراق،دەستەی كورد، بەغدا.

## ب/ سەرچاوە ئینگلیزیەكان

1- Haspelmath, M. and Sims, A. D. (2010). *Understanding Morphology*. 2nd ed. UK: Hodder Education.
2- Lieber, R. (2012). *Introducing Morphology*. 3rd ed. Cambridge: Cambridge University Press Inc.
3- Booij, Geert. (2007).*The Grammar of Words*: An Introduction to Linguistic Morphology. 2nd ed. Oxford. Oxford University Press
4- Yule, G. (2010*). The Study of Language*. Cambridge: Cambridge University Press.
5- Katamba, F. (1994). *English Words*. London and New York: Routledge.
6- Denham, K. and Lobeck, A. (2013). *Linguistics for Everyone: An Introduction*. 2nd ed. USA: Wadsworth.
7- Brinton, Laurel J. and Brinton Donna M. (2010). *The Linguistic Structure of Modern English*. Amsterdam / Philadelphia: John Benjamins Publishing Company
8- Plag. Ingo (2003). *Word-Formation in English.* Cambridge: Cambridge University Press.
9- Meyer, Charles F. (2009). *Introducing English Linguistics*. Cambridge: Cambridge University press.
10- Katamba, F. and Stoneham, J. (2006). *Morphology*. 2nd Ed. New York: Palgrave Macmillan.



e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**مستخلص البحث**

**هذه الدراسة دراسة مقارنة بين لغتي الكوردية والإنجليزية، حيث تمّت فيها مقارنة طرق تنمية المفردات في اللغتين كلتيهما. كل لغة من اللغات العالمية لها خصائصا في نوعية الطرق الّتي تعوّل عليها لتنمية معجمها اللغوي وكيفيتها، والهدف من هذه الدراسة مقارنة هذه الطرق؛ وذلك لإبداء النقاط المشتركة والمختلفة بينهما، وقد اعتمدت الدراسة عند تحصيل أدواتها اللغوية على اللغة الإنجليزية الرسمية والكوردية -الكرمانجية الوسطى-.**

**على الرغم من مقدمة، وُزعت الدراسة على أقسامين كالتالــي:**

**القسم الأول: تناولنا في هذا القسم جميع الأساليب الّتي تستعين بها اللغة الكوردية لأخذ الكلمات والمصطلحات الجديدة؛ مواكبة التطورات العصرية الّتي تشهدها اللغة الكوردية، وبالتالي تتلائم مع القواعد اللغوية المتبعة في الكوردية.**

**القسم الثاني: المبحث اللاولى: خصّصنا هذا القسم لتناول الطرق المختلفة الّتي تأخذ بها اللغة الإنجليزية، لتطوير لغتها وتنمية مفرداتها ومصطلحاتها.**

**المبحث الثانى: القول في هذا القسم في مقارنة كل الأساليب المأخوذة من قبل هاتين اللغتين، وذكرنا فيه الوجوه المتاشبهة والنقاط المختلفة بينهما، وأخيرا ذكرنا النتائج الّتي وصلنا إليها من خلال الدراسة، ثمّ أتينا بقائمة المصادر والمراجع.**



كۆنفرانسی ( كاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

## Abstract

The present study is a comparative study between Kurdish and English language that aims to compare the methods of lexical enrichment in both languages. All languages have their own characteristics in type and methods by which the lexical items are enriched. The study aims to compare the methods of lexical enrichments in the two languages to find out the common methods, similarities and differences between them. The standard language of English and the central-Kurdish language are the languages of the study.

The present study consists of an introduction and two sections. The first section discusses the methods in which the lexical items in Kurdish language can be enriched and how these methods bring amount of words and terms into Kurdish language according to the progress of the world and the need of language to bring new terms in, and according to the way of bringing, the words and terms are matched with the language.

The second section is divided into two subsections. The first subsection discusses the different ways of forming new terms and borrowing lexemes to enrich the lexical items in English language.

The second subsection section includes the findings of the comparison of the ways of forming new lexemes and borrowing lexemes in the two languages. It attempts to show the similarities and differences in the two languages by which the lexical items can be enriched. At the end of the study, there are conclusions and references.



e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)